# ژن و ژوان

**نەجات روستی**
najatrosty@yahoo.com

چەند جارێك سەیری کاژێرەکەی دەستی کرد بە پەلە خۆی گەیاندە وێستگەی بەرامبەری بۆ ئـەوەی فریـای پاسـەکە بکەوێت ،پاش چەند خولەکێك چـاوەڕوانی پاسـەکە گەیـشت . ئـەومنی نـەبینی چـونکە کـە پاسـەکە گەیـشتبوو مـن نەگەیشتبوومە وێستگەکە بەڕاکردنی هەنگاو فراوان خۆم گەیاندە پاسەکە ....

لەگەڵ سەرکەوتنم بۆ ناوپاسەکە بەنیگایەکی بانگی کردم کە لە لای ئەوە دابنیشم ،هەروام کـرد ،کەدانیـشتم بـۆنێکی خۆش بە ناخم دا چووە خوارێ و پڕ بەسییەکانم هەڵمژی ،بەشـەرمەوە پـێم ووت دەمـژمێر چـەندە ؟ ..... قـسەکانم تەواو نەکرد ، زەنگی تەلەفونی لێدرا چەند جارێك بەردەوام بوو .......

وەڵامی نەدایەوە توند توند پەنجەی نایە سـەر مـایکرۆ فۆنەکـەی بـۆ ئـەوەی دەنگـی دەرنەچـێت دوای مۆبایلەکـەی خستە سەر (هزە) ویستم زیاتر لێی نزیك ببمەوە و قسەی لەگەڵ بکـەم دیـسان زەنگـی مۆبایلەکـەی لێدرایـەوە بـەڵام ئەم جارە بە دەنگێکی نزم بەڵام هەستم دەکرد هەموو لەشی لەگەڵ زەنگەکە دەلەرایەوە .....

پاشان سەیری منی کرد وەك ناڕەزای یەك سەری بادا ،بە دەنگی نزمەوە : بێزاری کردووم لە دوێنێوە زیاتر لـە 300 جارە زەنگم بۆ بکات .....

ئەزانی کێیە؟ .... بەڵێ ئەمە چیرۆکێکی تایبەتی هەیە . لەگەڵ دەربڕینی ئەم ووتەیە زیاتر سەرنجم بۆ لای قسەکانی چوو ،ئەتوانی بە کورتی بۆم باس بکەیت من دەیکەمە هـەوێنی گۆشـەیەکی ڕۆژنامەنووسـیم لەسـەری دەنووسـم ئـەو ڕازی نەبوو ،بەڵام پێشتر ئەوم لەگەڵ کچە ڕۆژنامەنووسـێکی هـاوڕێم بینیبـوو ،دوای هـەواڵی ئـەوم لێپرسـی بەلایـەوە سەیر بوو کە ئەو دەناسم ....

وهاوڕێمە چەند جارێك لە دوورەوە بەیەکەوە بینیومن ،دوای ئـەوەی دڵنیـا بـوو لـەوەی کـە تـەنها مەبەسـتم کـارێکی ڕۆژنامەنووسییە ،ڕازی بوو چیرۆکی نوکەی مۆبایلەکەم بۆ باس بکات .

چەند شەوێك ئەوکەسە تەلەفونی بۆ کردم من وەڵامم نەئەدایەوە چونکە ژمارەیـەك نەناسـم وەڵامـی کـەس نادەمـەوە پاش چەندین جار.... زەنگ لێدان وڵامم دایەوە سەرەتا داوای کەسێکی کرد پێم : ژمارەکەت بە هەڵە لێداوە ببـورە ئەو کەسە نی یە کە تۆ مەبەستە .....

پاش چەند خولەکێك کورتە نامەیەکی بۆ ناردم داوای کرد ببم بە هاوڕێی ،وەڵامم نەدایەوە ،شەو تـا دەهـات درەنگـی دەکرد بەر لە چوونم بـۆ ژووری نووسـتن دیـسان نامەیـەکی تـری نـارد ،لەسـەر جێگاکـەم پـاڵ کـەوت بـووم بـیرم لـە شاسواری ژیانم دەکـردەوە کەوتمـە وڵام دانـەوەی تـا بەتـەواوی خـۆی ناسـاند ئـەو شـەوە تـا بـەرە بـەیان نامـەمان گۆڕییەوە ،چەند جارێك داوای کرد بەتەلەفون قسە بکەین بەڵام من ڕازی نەبووم .....

لێرەوە پەیوەندیمان دەستی پێکرد بۆ بەیانی قسەمان لەگەڵ یەکتر کردوو بەبێ ئەوەی یەکتر ببینین پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانمان دروست بوو ، پاش ماوەیەکی زۆر داوام لێکرد بیبینم پاش دوو ڕۆژ بڕیاری یەکتر بینینمان دا شوێن وکاتمان دیاری کرد ،کە لە یەکێك لە باخەکانی شار یەکتر ببینین ،لە کاتی دیاری کراودا لە شوێنەکە ئامادە بووم کوڕێکی  بالاَ ناوەندی گەنم ڕەنگ بەرەو ڕووم هات ووتی تۆ فلاَن کەسیت ،خۆی پێناساندم و قسەمان کرد ،ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندیمان زیاتر ئەبوو پاش دوو مانگ و نیو داوام لێکرد ژیانی هاوسەری پێك بهێنین ،بەلاَم ئەو خۆی لە بابەتەکە ئەدزی یەوە ،پاشان بەڕوونی باسی ژیانی خۆی بۆ کردم کە خاوەنی ژن و منالَە ،بەلاَم سوورە لەسەر ئەوەی لەگەڵ من ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت ،داوای لێکردم کە ڕەزامەندی دەربڕم بەلاَم بە دزی مالَەوەیان کەس نەزانێت تاماوەیەك ،بەلاَم من ڕازی نەبووم ....

پەیوەندیەکان بەردەوام بوو دوای هەستم کرد کە تەنها بۆ کات بەسەر بردن و پڕکردنەوەی کاتەکانی منی ئەوێت ،دوای ئەوەی هەوڵی زۆرم لەگەڵ دا کە کێشەکان یەکلای بکەینەوە بەلاَم ئەو ڕازی نەبوو ،هەرجارەی بیانوویەکی دەهێنایەوە دواجارپێی ووتم کە ژمارەکەمی لە کەسێکەوە وەرگرتووە لەسەرەتاش کە زەنگی لێدا ووتی بە سوودفە بووە ،منیش سوورم لەسەر ئەوەی کە پێم بلَێ ژمارەکەمی لەکێ وەرگرتووە بەلاَم لە مەبەستی گەیشتووم کە دەیەوێت بە هەموو شێوەیەك بێت خۆی دوور بخاتەوە ......؟!